نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی بەریتانیا هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم تاوتوێ دەکەن



ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، عیرفان سدیق باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، گفتوگۆی هەوڵەر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان تاوتوێکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا کە دەستی موتەبع کوتووە تیایدا، هاتووە: نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە عیرفان سدیق باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندیەکانی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، گفتوگۆی هەوڵەر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، دۆخی ناوخۆی کوردستان و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تاوتوێ کران، هەروەها دەربارەی دواین پێشهاتەکانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیروڕایان گۆڕیەوە.

هەردووڵا جەختیان لە بڕوودان بە پەیوەندیەکان و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکاندا کردەوە، هەروەها لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەوڵەر ـ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن و پڵەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی

هەرەمی کوردستان، هاوڕابوون.

دەربارەی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دووپاتیانکردەوە کە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان و گرتنەبەری گفتوگۆ و ڕێگە دیپلۆماسییەکان، لە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان و تەواوی ناوچەکەدایە و ئارامی و سەقامگیری دەپارێزێت.

پەیوەندییەکانی عێراق و هەرەمی کوردستان لێگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو کە کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرەمی کوردستان، ئامادەی بوو.